# خۆراك و پیشەسازی خۆراك لە هەرێمی جزیرە لەسەردەمی عەبباسی

پ. د. قادر محمد حسن

بەشی مێژوو -کۆلێژی ئاداب -زانکۆی سەلاحەدین -هەرێمی کوردستان/ عیراق

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە خستنەڕووی هەلومەرجی پەیوەست بە خۆراك و پیشەسازی خۆراك لە هەرێمی جزیرە لە سەردەمی عەبباسی،بایەخەکەی لەوەدایە کە خۆلەقەرەدانی مەسەلەیەکی مێژوویی— ئەنترۆپۆلۆژیە کە هەتا ئێستا لە کایەی ئەکادیمی ئێمەدا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە،بۆیە سەرەو دەریکردن لەگەڵ ئەم جۆرە بابەتانە هەرچەندە قورسو بە گرێوگۆڵە،بەڵام لاکردنەوەیەکی زانستیانەی هەم پڕبایەخ و هەمیش بە چێژی مەعریفیە لە کەلتوری خواردن لەو دەڤەرە پیش دەوروبەری هەزار ساڵ بەری نها .

لەم توێژینەوەیەدا باسی بەروبوومە خۆراکیەکانی وەکو دانەوێڵەکانی گەنم و جۆ و بابەتەکانی میوەجاتی لەگوێن ترێ و هەنجیر و هەنارو ...هتد کراوە،هەروەها لاکراوەتەوە لە باسو خواسی بەرهەمە ئاژەڵیەکانی وەکو گۆشت و سپیایی و شیرە مەنیەکان وە خواردنەکانی وەکو گوێز و بادام شابەلوت، بەشێکی توێژینەوەکە تەرخانە بۆ باسی پیشەسازی خۆراك و چۆنیەتی دەرخستنی کارامەیی خەڵکی ئەم هەرێمە لەبوارەکانی گۆڕینی ڕەگەزە سروشتیەکانی هەندێک لە خۆراکەکان وە هەڵگرتن و پاراستنی خۆراك و هەروەها هەناردەکردنی بۆ دەڤەرەکانی دیکە .

**پەیڤێن سەرەکی:** *هەرێمی جزیرە، خۆراك، پیشەسازی خۆراك، گۆشت، نان، میوە*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## پێشەکی:

هەرێمی جزیرە کە وە کو هەرێمێکی پان و پۆڕ و هەراویسەدەکانی ناوەڕاست لە زەینی وڵاتناسی ئیسلامیدا وێناکراوە، یەکێکە لە و هەرێمانەی کە بەشێکی زۆری دەڤەرەکانی ئەوحەلە کورد نشین بوون و ئاوایی و گوندو شارەکانی تژی لە ئاکنجیانی کورد و میللەتانی دیکەبوون کە وێڕای جیاوازی ئەتنیکی و ئاینی بەڵام لەئالی دیموگرافی قەرەبالغ و لەئالی ئابووریش وەکو ناوچەیەکی زەنگین و سەرزەمینێکی بەپیت و پڕ بەرهەم لەسەرچاوەکان دا ناوی هاتووە.

هەر لەم سۆنگەیەوە ئاگاداربوون توێژینەوە لە ڕەوشی خۆراك وکەلتوری خواردن و خواردنەوەو چۆنیەتی سەرەودەریکردن لەگەڵ جۆراوجۆریەتی و دابیخواردن، پێویستیەکی ئەکادیمی و مەعریفیە و، بەپێی ئاگایی ئێمە تا ئێستا ئەم بابەتە وەکو پێویست لای لێنەکراوەتەوە و توێژەران مشوریان لێنەخواردوە، بۆیە پێمان وایە ئەو جۆرە بابەتانە کە دەچنە خانەی ئەنترۆپۆلۆژیای مێژوویی بۆ کایەی ئەکادیمی ئێمە پێویستن ودەبنە زیادەیەکی باش بۆ ئەو توێژینەوانەی لەبوارە جیاجیاکانی مێژووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە هەرێمی جزیرە لەسەردەمی ئیسلامی نووسراون .

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە دەیەوێت بە خستنەڕوویەکی دیرۆکیانەی ئامانجداری ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانە ی کە لەسەردەمی عەبباسی لە هەرێمی جزیرە بەرهەم هاتون، پەی بە جۆرەکانی خۆراك و خۆراکی بەکارهاتوی ئەوکات ببات،وە هەوڵدەدات خوێنەر ئاشنابکات بە توخمە سەرەکیەکانی خۆراك و وە ئەو هەوڵانەی دانیشتوانی ناوچەکە داویانە لەپێناوی پاراستنی خۆراك و هەڵگرتنی و هەروەتر ناردنی بۆ ناوچەکانی دیکە، ئەمە وێڕای لاکردنەوە لە مەسەلەکانی پەیوەست بە ئاسایشی خۆراك و ئەو هەڕەشانەی بەهۆکاری جیاجیا دەبوونە مەترسی بۆسەر پاراستن و دەستگرتنەوە بە خۆراك .

توێژینەوەیکی لەم چەشنە ئاستەنگی جیاجیای دێنە پێش،دیارترینیان پەرش و بڵاوی ئەو زانیاریانەن کە لەسەرچاوەکان دا سەبارەت بە خۆراکی دانیشتوانی ناوچەکە ئاماژەیان پێکراوە، بەشێوەیەك کە بۆ زانینی زانیاریەکی ناوازەی تایبەت بە خۆراکی سەردەمەکە، پێویستیکردوە سەدان لاپەرەی سەرچاوەی جۆراو جۆر بخوێندرێتەوە و دەیان دەق لەبەریەکرابنرێن و تایبەتمەندیەکانیان لەبەرچاو بگیرێت و بەگوێرەی تەوەرەکانی توێژینەوەکە وەگەڕبخرێن. دیارە شیرازەدارکردنی زانیاری پەرت و بەربڵاو و پێکەوە گرێدانیان بەپێی سروشتی پەیوەستیان بەیەکەوە،هەم کات و هەمیش کۆششێکی زۆری لەتوێژەر ویستوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و کۆتایی نامە، لە دوو تەوەرە پێکهاتوە، تەوەری یەکەم تایبەتە بە ناساندنی خۆراك و جۆرەکانی لەسەردەمی توێژینەوەکە،بۆ ئەمەش زیاتر ئەو بەرهەمانە خراونەتە ڕوو کە پتر بەروبومی کشتوکاڵین وبەرهەمهاتوی دەستی جوتیارانی ناوچەکەن،هەروەها بەروبوومی گیانلەبەرانیش وەکو جۆرێکی دیکەی خۆراك ئاماژەیان پێکراوە.

تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ پیشەسازی خۆراك و ئەو شارەزایی و کارامەییەی کە خەڵکی هەرێمەکە لە چۆنیەتی پاراستن و هەڵگرتنی خۆراك هەیان بووە .کە ئەمەش تەنها بە ئامانجی هەڵگرتن نەبوە بۆ بەکارهێنانی خۆجێی و بەس، بەڵکو بۆ بازرگانی پێکردن و هەناردەکردنیشی بووە بۆ ناوچەکانی دیکە.

لەکۆتایی نامەی توێژینەوەکەش دا ئەو ئەنجامگیریە کراوە کە توێژەر لە خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیاریەکانی پێیان گەیشتوە .

لەم توێژینەوەیەدا سەرچاوەی جۆراوجۆر پشتیان پێبەستراوە، گرنگتریبن ئەدگاری هاوبەشی ئەو سەرچاوانە ئەوەیە کە نووسەرەکانیان هاوچەرخی سەردەمی توێژینەوەکەن وبۆ خۆیان شایەدحال  یان وەرگری ڕاستەوخۆی ئەو زانیاریانەن کە تۆماریان کردون، دیارترینیان ئەو ژێدەرە وڵاتناسیانەن کە پتر لە کتێبەکانی دیکە زانیاری مێژوویيان  لەسەر خۆراك وسەرچاوە خۆراکیەکان تێدایە، یەك لەو کتێبانە(تاريخ الزوقنيني) یە کە مێژوونووس الزوقنيني (م دوای ١٥٨ك/) کە لە دێری زوقنینی نزیک شاری ئامەد مێژووەکەی نووسیوە، دیارە ئەم سەرچاوە خۆجێییە بایەخەکەی لەوەدایە زۆر ڕوداوو گۆڕانکاری سەردەمی سەرەتای دەوڵەتی عەبباسی یاداشت کردوە کە لەسەرچاوەکانی دیکەدا نابینیرێت،دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی خستۆتەڕوو،کە بەشی هەرە زۆری زانیاریەکانی تایبەت بە هەرێمی جزیرە،مەیدانی ئەم توێژینەوەیە، بۆیە بۆ ئاگاردبوون لە خۆراکی دانیشتوانی ئەوکات پشتمان پی ٚبەستوە  و سەرچاوەیەکی ناوازەیە،دیارە کتیبێکی دیکە کەپێدەچێت هەمان ئەم کتێبە بێت بە هەندێک دەستکاریەوە بە ناوی (تاريخ الأزمان) ی دراوەتە پاڵ (التلمحري م٨٤٥م) بە وەرگێڕانێکی دیکە و پەراوێزلێنان بلاّوکراوەتەوە کە بۆ توێژینەوەکە بەسود بوو.

کتێبەکانی وڵاتناسان بایەخێکی زۆریان بۆئەم توێژینەوەی هەیە،بەتایبەتی کتێبی (صورة الأرض) ی (ابن حوقل م ٣٦٧ك/٩٧٧ز) کە زانیاری دەگمەنی تێدایە وبە ڕوونی ئاماژەی بەو بەروبوومانەکردوە کە سەرچاوەی خۆراکی خەڵکی جزیرە بوون،بۆیە بەتایبەتی لە تەوەری یەکەم سودی زۆری لێبینراوە،جێی ئاماژەیە کە ابن حوقل بۆ خۆی بە بنەچە خەڵکی نسێبین بووە کە یەك لە شارە نێودارەکانی جزیرەیە،بەلاّم کتێبی (أحسن التقاسيم في معرفه الأقاليم ) ی (المقدسي م: ٣٧٥ك/٩٨٥ز) زانیاری باشی لەسەر شار و ئاوەدانیەکانی هەرێمی جزیرە تێدایە، بەتایبەتی لە ئاماژەکردن بە هەندێک بواری پیشەسازی خۆراك.

## تەوەری یەکەم

## بەروبوومە خۆراکیەکان

هەرێمی جزیرە کە لەهەندێک لەسەرچاوەکان دا بە هەرێمی ئاقور (المقدسی،١٩٩١، ص١٣٦) ناسراوە بۆیە پێی گوتراوە جزیرە، چونکە وکو دورگەیەکە لەنێوان هەردو ڕوباری دیجلە و فورات، بەپێی ئەو دابەشکردنەی لە کەلتوری ولأتناسی ئیسلامیدا هەیە پێکهاتاوە لەسێ دەڤەر :دیار ڕەبیعە کە مەڵبەندەکەی شاری موسڵ بووە،دیار بەکر کەمەڵبەندەکەی شاری ئامەد بووە وە دیار موزەڕ کە مەڵبەندەکەی شاری رقە بووە،پێکهاتوە،جگە لەو سێ مەڵبەندە دیارترین شارو ئاوەدانیەکانی هەرێمەکە بریتی بوون لە : ئیربل، باهدری،سنجار، ماکسین، حران، روها،نسیبین، خابور، ماردین، راسالعین، میافارقین، حصن کیفا، ارزن، دنیسر، جزیرە ئبین عومەر،سەعرت و ڕەققە وچەند ناوچەیەکی دیکە.( بڕوانە: ابن حوقل، ١٩٣٨،ص ٢١٧ –٢٢٠، . یاقوت الحموی،٢،٢٠١٠ج /ص١٣٤ –١٣٦)

بەروبوومە کشتوکاڵیەکانی هەرێمەکە سەرچاوەی سەرەکی خۆراکی دانیشتوان بوون،لەسەروی هەمویانەوە دانەوێڵە دێت کە گەنم و جۆ بەشە سەرەکیەکەی پێک دەهێنێت،هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە هەرێمی جزیرە بەوە ناسراوە کە ناوچەیەکی دەوڵەمەند بووە، بەوە وەسف کراوە کە ولأتێکی پڕ خێرو بێرە و کێڵگە و بێستان و ڕەزو باغی زۆری لێ بووە هەتا مێژوونووسێک نووسیویە کە لەو دەڤەرە هەژاری لێ نەبووە،سەرجەم خەڵکەکەی خودان زەوی بوون، بزن و گوێدرێژیان هەبووە وزەویەکانی وێندەرێ لەلایەن جوتیارەکانەوە ڕەنێوهێنراون وهەتا ناوچە تەلان و شاخاویەکانیش ڕەزیان لێبوە و دارو دەرەختیان لێ ڕوێنراوە (الزوقنینی،٢٠٠٦،ص ١٣٤،١٥٧) ناوچەیەك کە دانیشتوانەکەی ئاوا لێزانانە زەویەکانیان وەگەڕخستوە بە بەرهەمی خۆی ژیاوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بە پیتی خاکەکەی، کە لەسەرەتاکانی فەتحی ئیسلامی پەسنی بەپیتی خاکی جزیرە وەبەر گوێی هەندێک لە خەلیفەکان کەوتوە(المسعودی، ١٩٦٥، ج٣/ص٣٧) ئەمە وێڕای ئەوەی کە مەڕو مالأتی زۆریش لەوێ بە خێوکراوە،بە شێوەیەك کە خەڵک هەبوون بوون و سالأنە دانەوێڵە بەشی دانیشتوانی دەکرد وهەتا وەرزی نوێی شینایی دەهاتەوە نەك هەر لێیان نەدەبڕا بەڵکو گەنمیان لەسەر گەنم



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دادەكردو كۆدەكردەوە.(التلمحری،٢٠٠٨،ص ١٣٣ -١٣٤)ئەمەش نیشاندەری رادەی هەبوونی و پشت بە خۆ بەستوییە لە دابینكردنی سەرچاوە خۆراكیەكان كە گوزەرانی خەڵكی پێوە بەندە.

دەتوانین بڵێین كە دانەوێڵەكان وێڕای پاقلەمەنیەكان پێكهێنەری سەرەكی سیستەمی خۆراكی بوون لەسەردەمە كۆنەكان، كە جار جار تەواوكاریە پرۆتینیەكانی وەكو گۆشت وسەوزە و میوەشی بۆ زیاد دەكرا(ویلكنز و هیل،٢٠١٧،ص١٥٩) بۆیە گومانی تێدانیە كە دیارترینی سەرچاوە خۆراكیەكان كە پێكهێنەرێكی خۆراكی ستراتیجیە وتاڕادەیەكی بەرچاو ژیانی مرۆڤەكانی پێوەبەندە، بەپلەی یەكەم گەنمە و بەپلەی دووەم جۆیە،كە لە دێرزەمانەوە لە هەرێمی جزیرە بەرهەم هێنراوەوبەكارهاتووە، هەتا لە ڕێككەوتنی موسوڵمانە فاتیحەكان لەگەڵ خەڵكی هەندێك لەو ناوچانە پێدانی هەزار باری گەنم و جۆ بە موسوڵمانەكان كراوەتە مەرج(الواقدی،١٩٨٠،ص١١٧) ئەمەش دەری دەخات كە بەرهەمی گەنم و جۆ لەو دەڤەرە لە پێویستی دانیشتوانیشی زیاتر بووە.

كەم شارو ئاوەدانی جزیرە هەبوە لەسەردەمی عەبباسی كە بە بەرهەمی گەنم و جۆ بەناوبانگ نەبووبێت،هەربۆیە لەسەرچاوەكان دا باسو خواسی دانەوێڵەی شارەكانی وەكو موسڵ و برقعید و نسێبین كراوە،بەرادەیەك كە دانەوێڵەی موسڵ هەناردەی بەغداكراوە .(ابن حوقل،١٩٣٨،ص، ٢٢٠، المقدسی،١٩٩١، ص ١٣٨، میخائیل السریانی،١٩٩٦،ج٢/ص٣٨٤) هەتا ناوبانگی بە پیتی ناوچەی موسڵ كە لەكن عەرەبی پێش ئیسلام پێی گوتراوە باعربایا و وە گوندەكانی جزیرە گەیشتۆتە نیمچە دورگەی عەرەبی(ابن الفقیه الهمذاني،١٩٩٦،١٨٢) لە دەڤەری ئەربل و بەتایبەتی لە رستاقی حزە و رستاقی زێی گەورە بە بەرهەمی زۆرو زەوەندی گەنم بەناوبانگ بوون كە دیارترین سەرچاوەی خۆراكی بوون، هەروەتر شاری بەلەد بە كشتوكاڵی فراوان نێودێربووە.(الأدریسي،٢٠٠٢، ص٦٦٠)هەرچی ناوچەی (حصن كیفا) یە ئەوا كێڵگەی بە پیتی لێبوە، دەشتایی بەرامبەر قەڵای شارەكە ساڵانە گەنم و جۆو دانەوێڵەی دیكەی لێ بەرهەم دەهات كە بەشی خۆراكی ساڵێكی دانیشتوانی دەكرد(ابن شداد،١٩٧٨،ج٣، ق٢/ص٥٢٩،.بنگلی،٢٠٠٥،ص٢٠٦)

گەنم و جۆ كە نانیان لێ دروستدەكرا سەرچاوەی سەرەكی خۆراك بوون،بۆیە پلەی یەكەمی لە بژێوی مرۆڤ گرتوەو ئەمەش ڕۆڵی بنەڕەتی بینیوە لەوەی كە نان وابەستەی زیندوویی مرۆ بێتبەڵكو هەندێكجاربە پیرۆز تەماشاكراوە،(ابن اسكوراسیكە،١٣٨٨ه.ش،ص٥٣)بۆیە دەشێ بڵێین كە خۆراكی سەرەكی خەڵك لە هەرێمی جزیرە هەروەكو سەرجەم ناوچەكانی دیكە نان بووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

هەرچەندە لەلایەنی مێژووییەوە ئاردی جۆ پێش ئاردی گەنم لە خۆراکی مرۆڤی دێرین داچەسپاوە(کوفمان،٢٠١٢،ص٦٧) بەڵام لەسەردەمی توێژینەوەکەمان دا نانبەپلەی یەکەم لەگەنم دروست دەکرا دوای ئەوەی کە دەهاڕدرا هاڕینی گەنمیش بەهۆی ئەو ئاشانە بوو کە لە شارو ئاوەدانیەکانی جزیرە بە شێوەیەکی بەربڵاو هەبوون، بەتایبەتی لەسەر روباری دیجلە و روبارەکانی دیکە، بۆ نمونە لە شاری موسڵ کە ئاشی گەورەو خێرای لێ بوون وا باسکراون کە وێنەیان لە دونیا کەمە( التلمحری،٢٠٠٨،ص ١٠٢،.ابن حوقل،١٩٣٨،٢٢٠،.القزوینی، د.ت، ص٤٦٢) ئەمە وێڕای ئەوەی کە نانی گەنم زیاتر خۆراکی خواپێداوان بوە،نەدارانیش پتر نانی جۆیان خواردوە،یان لە کاتی دەستنەکەوتنی نانی گەنم پشت بە نانی جۆ بەستراوە ئاماژەیوامان هەیە–هەرچەندە دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی توێژینەوەکەمان– کە دەیسەلمێنێ لەناوچەی ئامەد کولێرەی جۆ بۆ خواردن دروستکراوە( الواقدی،١٩٨٠،ص ١٦٢)،. جێی ئاماژەیە، کە وێڕای بایەخە بژێویەکەی، جاری واهەبوە کە نانی جۆ وەکو چارەسەر بۆ هەندێک نەخۆشی بەکارهاتووە بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ باینجانی سورکراوە بدرابایە نەخۆش.(ابن ابی اصیبعە،١٩٩٨،ص٣٢١).

بەروبومێکی دیکەی خۆراکی کە سەرچاوەیەکی بژێوی خەڵکی جزیرە بوو،بریتی بوو لە سپیایی،کە دەڤەرەکانی ئەو هەرێمە بە بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و ڕەشەوڵاخی زۆر بەناوبانگ بوون،چونکە لەوێ هەندێک لە هۆزەکان خودانی ئەسپ ومەڕ و حوشتر بوون(الأصطخري،٢٠٠٤،ص٥٤) وە بە بەخێوکردنی مەڕ و بزن و مانگا و پەلەوەر بەناوبانگ بوون، کە پێدەچێت لەگەڵ ڕەنێوهێنانی زەوی ئاژەڵداریشیان فەرامۆش نەکردوە و بایەخی زۆریان پێداوە( بڕوانە:الزوقنینی،٢٠٠٦،ص ٢١٨،١٨٨،١٤٤،١١٨،.التلمحری، ٢٠٠٨،ص١٣٤،١٢٤ –١٧٢،١٣٥)

بەشێوەیەکی گشتی شیرەمەنی و سپیایی یەك لە پێکهاتە سەرەکیەکانی خۆراکی دانیشتوانی جزیرە بووە،لەشارەکانی موسڵ و **معلثایا** و حەسەنیە ماست وپەنیر و شیرێژ بەرهەم هاتوە(المقدسی،١٩٩١، ص١٢٨) هەتا لە اربل سۆفی واهەبووە کە خۆراکی ڕۆژانەی کەمێک ماست بووە وهەر بەوە ژیاوە،ئەمەش وەکو جۆرێک لە دونیا نەویستی لێکدراوەتەوە (ابن المستوفی،٢٠١١،ص١٠٣) شاری نسێبینیش بە جۆرە ماستێک بەناوبانگ بووە کە پێی گوتراوە (اللبن الداوی) کە پێدەچێت هەر سەرتوێی ماست بوو بێت (المقدسی،١٩٩١،ص١٢٨، خوشناو،٢٠٠٩، ص٢٣٣) وا دیارە ئەمەش بەتایبەت کرابێت و زیاتر بۆ فرۆشتن بووبێت، بەڵام ماستی ئاسایی پتر خوراوەو بەشێوەی جۆراوجۆر بەکارهاتوە .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

خۆراکێکی دیکەی خەڵک لەجزیرەئەوحەلە بریتی بووە لە میوەجات، کە هەرێمەکە بەشێوەیەکی گشتی لەسەرچاوە مێژووییەکان دا وەکو پانتاییەکی هەراوی خودان میوەی جۆراو جۆر ناسراوە،بۆ نمونە شاری ماردین ڕەزو باخەکانیبەمیوەی زۆرو خۆش وبەتام بەناوبانگ بوون،وە هەنجیری شاری جزیرەی ئیبن عومەر بەرادەیەك زۆر بووە کە لێی هەناردەکراوە بەڵام میوەی نسێبین بەرادەیەك بووە کە لەچاو ناوچەکانی دیکەی جزیرە زیاتر بووە،( بڕوانە:ابن حوقل،١٩٣٨،ص ٢٠٢،١٩٨،١٩١،.المقدسی،١٤٠،١٩٩١) میوەی هەنجیریش بەرادەیەکی زۆر لە شاری سعرد هەبووە (القشیری،١٩٨٨،ص ١٠٣) کە وەکو خۆراك بەکارهاتوە،هەرچی میوەی شەقلاباد(شەقلاوە) یشە، بەتایبەتی ترێ، ئەوەندە زۆر بووە، کە بەدرێژایی ساڵ بۆ اربل نێردراوە و بەشی پێداویستی شارەکەی کردوە(یاقوت الحموی،٢٠١٠،ج٣/ص٣٥٥) ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە دانیشتوانی هەولێر بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی/سێزدەیەمی زاینی بە شێوەیەکی بەرچاو میوەیان وەکو خۆراك بەکار هێناوە،بەرادەیەك کە رەزو باخەکانی دەوروبەری بەشی نەکردوەو لە شەقلاوەوە ترێی بۆ هەناردەکراوە.

لەزۆربەی شارو ناوچەکانی جزیرە رەزی زۆر هەبوە کە میوەی ترێی لێ بەرهەم هاتوە،هەریەکە لە شارەکانی نسێبین، راس العین،ماردین، بلد و سنجار لە سەرچاوە وڵاتناسیەکانی ئیسلامیدا بۆ زۆری ترێ ئاماژەیان پێکراوە( الزوقنینی،٢٠٠٦،ص١٠٣ – ١٠٤،١٤٤،.ابن حوقل،١٩٣٨،ص ٢٠٠ –٢٠٢) بەپێی قسەی هەندێک لە خەڵکی شاری نسێبین کە یاقوتی حەمەوی ئاماژەی پێکردوە،شارەکە چل هەزار رەزو باغوبێستانی هەبوە(٢٠١٠،ج٥/ص٢٨٨) لەم سۆنگەیەوە تێدەگەین کە بەرفراوانترین میوەی جزیرە بریتی بووە لە ترێ .کەلەسەردەمەکانی دواتریش دا لەزۆربەی شارو ئاوەدانیەکانی جزیرە وەکو میوەی هەرە دیار ئاماژەی بۆکراوە( بڕوانە:حمدالله مستوفی قزوینی،١٣٨٩،ص١٠٣ –١٠٦)

دوای ترێ میوەی دیکە لە ناوچە جۆراو جۆرەکان بوونیان هەبووە وەکو ترنج و نارنج لە سنجار،کە لەهەردو وەرزی هاوین و زستان میوەی زۆر بووە( ابن حوقل،١٩٣٨،ص ٢٢٠، .یاقوت الحموی،٢٠١٠،ج٣/ص٢٦٢) هەروەها میوەی سێو وهەنار لەزۆربەی ناوچەکان بوونی هەبوە، سێوی گوندی دامان کە لە نزیک شاری رەققەی جزیرە بووە ناوبانگێکی تایبەتی هەبووە و بۆ بە غداش نێردراوە،دیارە لەبەر رەنگە سورەکەی نمونەی سەرنجڕاکێشی بووە و شیعریشی لەبارەوە دانراوە.(بڕوانە:یاقوت الحموی،٢٠١٠،ج٢/ص٤٣٣) لە شارێکی وەکو حصن کیفا پیاوچاکی واهەبووە کە بەدرێژایی ساڵ بەڕۆژو بووە و هەر بەمیوەی وەکو سێو یان هەنار یان ترێ، بەربانگی کردۆتەوە(بڕوانە:أسامة بن منقذ،١٩٣٠،ص٢٢٣) لەشاری إربل هەندێک کەس پیشەیان میوەفرۆشی بووە و هەندێک لەوانەی کاری میوەفرۆشیان کردوە بوون بە بازرگان(بڕوانە:ابن المستوفی،٢٠١١، ص٢١١) ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە میوە وەکو خۆراکی سەرەکی لەلایەن هەندێک لە دانیشتوانی جزیرە سەرەودەری لەگەڵکراوە و بەهایەکی بژێوی گرنگی هەبووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

یەکێکی دیکە لە پێکهاتە خۆراکیەکانی دانیشتوانی ناوچەکە، بریتی بووە لە گۆشت کە تاڕادەیەك وەکو خۆراکێکی گرنگ وێڕای خۆراکە سەرەکیەکانی دیکە لەژیانی ڕۆژانەدا پشتی پێبەستراوە،بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە مەڕومالآت لە هەرێمی جزیرە هەروەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد،بۆتە سەرچاوەیەکی لەباری ئابووری بۆ پڕکردنەوەی پێویست خۆجێیی خەڵك لە گۆشت.

لە خواردنی ڕۆژانەی خەڵك لە جزیرە سێجۆری سەرەکیگۆشت هەبووە، جۆری یەکەمیان گۆشتی مەڕو مالآت و ئاژەڵی گەورە بووە کە پێی دەگوترێت گۆشتی سور،جۆری دووەمیان گۆشتی پەلەوەر بووە کە پێی دەگوترێت گۆشتی سپی،جۆری سێیەمیش گۆشتی ماسی بووە.

لەدەقە دیرۆکیەکانی بەردەست دا،ئاماژەی جۆراوجۆر بۆ بەکارهێنانی گۆشت، وەك توخمێکی بەبایەخی خۆراك، لە خوانی خەڵکی جزیرەدا هەیە،ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری سەرچاوەی دەستکەوتنی گۆشت لە دەڤەرەکە.

لە نێو ئەو باس و خواسانەی پەیوەستن بە باسی بەروبووم و خۆراکی جزیرە،ناوی گۆشت لەگەڵ هەنگوین و پەنیر کراوە(بڕوانە:الزوقنینی،،٢٠٠٦،ص٢٣٠،٢٢٨)هەروەکو کە شاری موسڵ وا وەسف کراوە کە گۆشتی باشی لێیە(المقدسی،١٩٩١، ص١٣٨) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ڕێژەی ئاژەڵ و ڕەشەوڵاخ، لەمەشدا نەك هەر موسوڵمانەکان بەڵکوئەهلی زیممەش بایەخی زۆریان بە بەخێوکردنی مالآت داوە بەتایبەتی بەراز (قدامە بن جعفر،١٩٨١،ص٣٨٢) کە لەماوەی تەرخانکراو بۆ توێژینەوەکە هەر بەردەوامی هەبووەو لەبازاری هەندیک شاری تخوب بەتخوبی جزیرە لەبازاڕ گۆشتی بەراز فرۆشراوە هەروەکو کە گۆشتی بەرخ دەفرۆشرا (ناصر خسرو، ١٩٩٣، ص٥٠) بۆ نموونە لەئاوەدانیەکی شاری دنیسر لە دەڤەری دیاربەکر بوونی ژمارەیەکی وەکو ابن جبیری ڕاکێشاوە کە دەڵێ هەروەکو مەڕ زۆربوون (بڕوانە:١٩٨٦،ص١٩٥).ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی خۆراکی ئەهلی زیممە بوەوهەر ئەوان بەحەلاڵیان زانیوە .

شاری اربل (هەولێر ) لە هەرێمی جزیرە لەسەردەمی گەشەداری خۆیدا بەتایبەتی ماوەی فەرمانڕەوایی(سولتان موزەفەرەددین گۆگبوری ٥٨٦ -٦٣٠ك/١١٩٠ -١٢٣٣ز) شارێکی قەرەبالغ و ئاوەدان وفراوان بووە،بەتایبەتی لە کاتی بەڕێوەچوونی ڕێو ڕەسمی یادی لەدایك بوونی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێ) بۆیە لەو وەسفەی کە بۆ خوانی ئەو یادەو نان دانی ئامادەبوان لەلایەن سولتان موزەفەرەددین ەولەسەرچاوەکان دا ئاماژەی پێکراوە باسی ئەوە کراوە کە دوو ڕۆژ پێش هاتنی یادەکە ژمارەیەکی زۆر لە حوشترو مانگا و مەڕ لە مەیدانی شار سەبڕدراون وگۆشتەکەیان لە مەنجەلآن بە شێوە جۆراو جۆر کوڵێندراوەو دراوە بە ئامادەبووان.(ابن



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

خلكان،د.ت، ج٤/ص ١١٨) هەروەها ئاماژە بە گۆشتی ئەسپ کراوە کە گوایە لەسەر هەمان ئەو سفرەیەی کە بۆ ڕێورەسمی یادی مەولود ئامادەکراوە سەد ئەسپی قشلمش یان (قزلمیش) واتا سورکراوە لگەڵ پێنج هەزار سەر ئاژەڵ و دە هەزار مریشکی برژاو ئامادەکراوە بۆ خوانی خەڵکی ئامادەبوو(سبط ابن الجوزي،١٩٥٢،ص٦٨١ -٦٨٢،.حوسێن،٢٠١٠،ل ٢٢٢) دیارە ئەوکاتە خواردنی گۆشتی ئەسپ ئاسایی بووە هەروەکو ئێستاش لە کن هەندێک لە میللەتانی تورك زمان ئاساییە.،ئەوەی بۆ ئێمە جێگای سەرنجە خواردنی ئەو ڕێژە زۆرەیە لە گۆشتی ئاژەڵ، کە هەم بەڵگەیە لەسەر بوونی کەلتورێکی دیاری گۆشتخۆری لەو سەردەمەی هەولێر و هەمیش نیشانەیە بۆ بوونی ژمارەیەکی زۆری مالآت کە سەرچاوەی دابینکردنی گۆشت بووە .

ئەوەی پەیوەندی بە گۆشتی پەلەوەرەوە بێت ئەوا چەند ئاماژەیەکی کەم هەیە کە نیشاندەری ئەوەیە دانیشتوانی جزیرە پەلەوەریان بەخێوکردوەو سودیان لێبینیوە،ئەمەش هەر لەبەر ئەوە نەبووە کە لە هێلکەو پەڕو باڵەکەی سودمەندبن،بەڵکو،بۆ بەهرەمەندبوونیش بووە لە گۆشتەکەی،بۆیە دەبینین لەنێو ئەو ئاماژانەی بۆ بەروبوومەکانی جزیرە کراوە،وێڕای مەڕ و جوانەگا ئاماژەش بە بوونی مریشک و کۆتر کراوە،یان بە گشتی باسی بوونی پەلەوەر کراوە( بڕوانە: الزوقنینی،،٢٠٠٦،ص١٩٦،١٨٨ )هەروەتر لە ناوچەی رقە لە جزیرە لە دەوروبەری (دیر زکی) جگە لە مامز و کەروێشک، هەم تەیرو تواڵی کێوی لە گوێی روباری فورات ڕاوکراون هەمیش تۆڕ بۆ ڕاوکردنی ماسی لە روبارەکە دادەنرا(الشابشتی،٢١٨)واتا ڕاوکردن یەك لەسەرچاوەکانی پەیداکردنی گۆشت بووە بە هەرسێ جۆرەکەی و وە پێکهاتەیەکی خۆراکی بایەخداری خەڵک بووە لەو ناوچانە.

لە نێو ئەو پێکهاتە ئابووریانەی کە ژێرخانی ناوچەی حەسەنیە یان پێکهێناوە ئاماژەیەکی سەرنجراکێش هەیە بۆ هەناردەکردنی کەو(القبج) بۆ ناوچەکانی دیکە (المقدسی،١٩٩١، ١٤٥) ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕاوکردنی ئەو باڵندەیە زۆر بووە و لە پێداویستی خەڵکی ناوچەکە زیاتر بووە،هەروەکو کە سەلمێنەری ئەوەشە کە گۆشتی کەو یەك لەپێکهاتە خۆراکیەکانی خەڵکی دەڤەرەکە بووە.

لەنێو گۆشتی گیانەوەرە دەریاییەکان تەنها چەند زانیاریەکی کەممان لە بارەی بوونی ماسیەوە هەیە کە بەهۆی بوونی هەردو روباری دیجلەو فورات و چەند روبارێکی دیکە،دەبینین هەندێک لەخەڵک لەنێو خۆراکەکەیاندا پشتیان بە گۆشتی ماسی بەستوە،مێژوونووس الزوقنینی لە چوارچێوەی ئەوباسوخواسانەی تایبەت بە باج وسەرانەو ئاکار توندی باجگر وکاربەدەستانی سەرەتای دەوڵەتی عەبباسی بەسەر هەرێمی جزیرەوە، یاداشتی کردوە، کە خەڵکێکی زۆری دەڤەرەکە بژێویان لەسەر راوە ماسی بووە(٢٠٠٦،ص١٨٦ -١٨٧) ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە گۆشتی ماسی ڕمێنی زۆری لەسەر بووە، چونکە هەم سەرچاوەی پەیداکردنەکەی ئاسان و بێخەرجی بووە و هەمیش نرخی لەبازاڕدا هەرزان بووە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

گۆشتی ماسی لە هەندێک دەڤەری جزیرە دا بەڕادەیەك زۆر بووە کە پێداویستی ناوخۆی پڕکردۆتەوە، بەڵکو،پاش ئەوەی کە خوێکراوە، بازرگانی پیوەکراوە و هەناردەکراوە بۆ شارو ئاوەدانی دیکە بۆ نمونە لە ناوچەی موسڵ جۆرە ماسیەکی لێبوە کە پێی گوتراوە(الطریخ)[1] جۆرێکی نایابی ماسی بووە کە تەنانەت بازرگانیشی پێوکراوە . (المقدسی،١٩٩١،ص١٤٥) بەڵام لە شاری رأس العین لە یەکێک لە کانیاوەکان کەناوی (خسفە سلامە) بووە ئاوەکەی ئەوەندە ساف و بێگەرد بووە کە ماسی گەورەی تێدابووە مرۆڤ کە تەماشای دەکردن وایدەزانی زۆر لێی نزیکن، هەرچەندە دورییش بوون (یاقوت الحموی،٢٠١٠،ج٣/ص١٤) هەر ئەو ماسیانەی رأس العین لەلایەن گەڕیدە ابن جبیر وەسفکراون ونووسیویە کە لەبەلەزەتترین جۆری ماسین (١٩٨٦، ص١٩٦).کە بێگومان یەك لە پێکهاتە خۆراکیەکانی سەر خوانی خەڵک بووە لە دەڤەرەکە.

جگە لەوانەی ئاماژەمان پێکردون، لەنێو لیستی پێکهاتە خۆراکیەکانی ئاکنجیان جزیرە،دەبێ لایەکیش لە هەندێک خۆراکی دیکە بکەینەوە کە هەرچەندە پێکهێنەری سەرەکی خۆراك نەبوون بەلام لەلایەن دانیشتوانەوە بە شێوەی جیاواز وەکو خۆراك سەرەو دەریان لەگەڵ کراوە،لەوانە : گوێز و چوالە(بادام یان باوی) زەیتون لە سنجار و جزیرەی ئیبن عومەر کە بۆ دەرەوەی ئەو شارانەش هەناردەکراون (ابن حوقل، ص٢٢٥،٢٢٠) هەتا گوێز و بادامی چیاکانی سنجار ئەوەندە لە جۆری باش و ناسک بوون بە لەپی دەست شکێنراون (ابن سعیدالمغربی،١٩٥٨، ص ٩٠) وە شا بەڕوو (شاهبلوط) کە بەبەتام وەسفکراوە لەگەڵ میوەی وشککراو لە شاری نسێبین لە خۆراکی دانیشتوانەکەی زیاد بووە (المقدسی،١٩٩١،ص١٤٥).

ناوچە جیا جیاکانی جزیرە لەبەر لەباری کەشو هەواو سروشتی شاخاوی و کەشی خۆش و ئاوی سازگاریی و بوونی شینایی زۆر و و زەوی بە پیتی، شوێنێکی باشی بە خێوکردنی هەنگ بووە،هەر بۆیە لە شار و ئاوەدانیەکانی هەنگ بە خێوکراوە و بەرهەمی هەنگوینی زۆر بووە و خۆراکێکی بەسودی دانیشتوانەکەی بووە،لەگەڵ پێکهاتە خۆراکیەکانی دیکەی وەکو گۆشت و پەنیر و هێلکە ناوی هەنگوینیش هاتوە (بروانە:الزوقنینی،٢٠٠٦،ص٢٣٠،٢٢٨،١٨٨) وە چونکە رێژەکەی زۆر بووە لە ئاڵو گۆڕی بارزرگانی دانیشتوانی ئەو کاتەی جزیرە مامەڵەی پێوە کراوە وهەر بۆیە بۆ شارو دەڤەرەکانی دەورو بەری جزیرەش نێردراوە.(بروانە: ابنحوقل، ص٢٢٥یاقوت الحموی،ج٥/ص٤٠٣).هەرچی هەنگوینی گوندی (قلوذیة) بووە لە هەرێمی جزیرە ئەوا بە بەرهەمی جۆرێکی تایبەت لە هەنگوین بەناوبانگ بووە، کە هەر بەناوی گوندەکەوە واتا پێی گوتراوە هەنگوینی قلوذی کە بۆندار بووە .(ابن عبدالحق،ج٢، ص٤٤٥)



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# پیشەسازی خۆراك

بوونی ئەو هەمو پیت و فەڕەی کە هەرێمی جزیرە پێ ناسراوە،کاریگەری زۆری لەسەر خۆشگوزەرانی و کۆگاکردنی خۆراك و هەڵگرتنی هەبوو،هەر لەم پێناوەشدا خەڵکی ناوچەکە لەپێناوی باشتر بەکارهێنانی و بە فیرۆنەچوونی هەندێک لە پێکهاتە خۆراکیەکانیان وهەروەتر بازرگانی پێوەکردن و ناردنە دەرەوەی بەشێک لەو خۆراکانە،. جۆرێک لە پیشەسازی خۆراکیان پەرە پێدابوو کە نیشاندەری کارامەیی ولێزانیان بووە.

دیارترین بواری پیشەسازی خۆراك کە ئەوکاتە باو بووە پیشە سازی هاڕینی گەنم و دروستکردنی ئارد بووە کە بەبێ ئەوە ئەستەم بوو سوودێکی مرۆیی لەبار لە گەنم و جۆ وەربگیرێت،بۆ ئەمەش پێویستیان بە بوونی ئاش هەبووە کە بەهۆی هەبوونی ڕوبار و جۆگەلەی بە خوڕ ئاشی ئاو بە شێوەیەکی بەرفراوان لە شارو ئاوەدانیەکانی جزیرە بوونی هەبووە،شارێکی وکو موسڵ لە ناوەڕاستی روباری دیجلە چەند ئاشێکی هەبووە کە پێیان گوتراوە (العروب) چونکە وەکو عارەبانە لە ناوەڕاستی ئاوەی بەخوڕ بە زنجیران چێکراوەو هەر عەرەبەیەك چوار بەرداشی تێدابووە کە بە دارو ئاسن ڕاگیرکراون و هەر دوبەرداش بەیەکەوە گەنمیان هاڕیوە و شەو وڕۆژ بەرهەمی زۆریان هەبووە، ئەو ئاشانە واوەسفکراون کە لە دونیادا هاوتایان کەمە،ئاشی دیکەش لە شارەکانی بەلەد و رەقە هەبوون (ابن حوقل، ١٩٣٨،ص٢١٩) هەروەها لە شاری ئامەد یش چەندان ئاشی ئاو هەبوون کە لەسەر روباری بە خوڕ ڕۆنرابوون .(الإدريسى، ٢٠٠٢، ص ٦٦٣)

نانی بەکارهاتوی سەردەم زیاتر نانی گەنم بووە، کە پێدەچێت نانکردن بە شێوەیەکی بەربلاو لەماڵەکان بووبێت و بە شێوەیەکی سنورداریش لە بازار نانەوا هەبووە،واتا نانی ئامادەکراو لە بازاڕ فرۆشراوە،هەر بۆیە لەکاتی تەنگژەکان دا یەك لە نیشانەکانی قاتی نەمانی نان بووە لە بازاڕ(بڕوانە:الزوقنينى،٢٠٠٦،ص٢٣٠) لە إربل لەسەردەمی سوڵتان موزەفەرەددین فەرمودەزانی واهەبووە کە لەهەمان کات دا نانەوا بووە (ابن المستوفى،٢٠١١، ص٣٤٦) لە یادی مەولودیش هەر لەشاری إربل، لەو خوانەی کە بۆ نەداران لە مەیدانی شار ڕادەخرا خواردن و نانێکی زۆری لەسەر دانرابوو(ابن خلكان،ج٤/ص١١٩) .

هەر لە جزیرە ویڕای ئارد، ئاماژە بۆ بوونی جۆرە نانێک کراوە کە پێی گوتراوە (سمید)(الزوقنینی،٢٠٠٦،ص١٩٢) کە دیارە لە ئاردی سپی دروست دەکرا جگە لە بایەخە بژێویەکەی پتر بۆمەبەستی چارەسەرو پزیشکی بەکاردەهات (بڕوانە:ابن جزلة،١٤٢٣،ص٦١ - ٦٢) پێدەچێت جگە لە گەنم و جۆ لە پیشەسازی نان چێکردن دا لە هەرێمی جزیرە،ئاردی هەرزن و بەڕووش بەکار هاتبن، بەلاّم لە م بارەیەوە هیچ دەقێکمان دەستنەکەوت .

هەرچی پیشەسازی سپیایی و شیرەمەنیشە ئەوا لە هەرێمی جزیرە ڕەواجێکی زۆری هەبووە و لەبەر بوونی ڕێژەیەکی زۆری مالاّت بەرهەمێکی سپیایی زۆرو زەوەند لە ناوچەکەدا هەبووە،بەتایبەتی دروستکردنی پەنیر، لە شارەکانی جزیرەی ئیبن عومەر (ابن حوقل،١٩٣٨،ص٢٢٥) وە موسڵ و حەسەنیە کە شیرێژیشی لێدروستکراوە ( المقدسی،ص ١٤٥) ڕەنگە هەندێک لە و خۆراکانە لە بازارە تایبەتەکان فرۆشرابن،چونکە ئاماژەی مێژوویی وامان هەیە کە دەیسەلمێنێ لەسەردەمی توێژینەوەکە لەناو شاری موسڵ بازاڕی تایبەت بە خۆراك هەبووە بەناوی (سوق الطعام) کە دیارە خەڵک لەوێ خواردنیان فرۆشتوە.(الأزدي،١٩٦٧،ص٣٦٣)

کەرە یان ڕۆنە کەرە یەك لە خۆراکە بەکارهاتوەکانی ئەوکات بووە کە زیاتر لە ماستی مانگا پاش ژاندنی دروست دەکرا،کەرە لە خۆراکە چەورەکان بووە وبۆ چێشتلێنانیش سودی لێوەرگیراوە(جرجانی، ١٣٩١ش ج١/ص٤١٥) لە شاری ئیربل کەرە (زبدیە) وەکو خواردن بەکارهاتوە،چونکە هەندێک جار ئەگەر سوڵتان موزەفەر، پارویەکی خۆشی لێخواردبا ئەوای فەرمانی دەکرد لێشی بنێردرێت بۆ هەندێک شێخ وکەس کە ئەو بە پیاوچاکی دەزانین.(ابن خلکان،ج٤/ص١١٩ )ئەمەش دەریدەخات کە جۆری باشی کەرە زیاتر لەلایەن خەڵکی دەستەبژێری کۆمەڵگاوە خوراوەو هەژاران کەمتر دەستیان کەوتوە.

ئەوەی پەیوەستە بەجۆرێکی دیکەی پیشەسازی خۆراك کە لە دەڤەرە جیاوازەکانی هەرێمی جزیرە بوونی هەبووە بریتی بووە لە دروستکردنی شیرینەمەنی، هەرچەندە لەئاستێکی زۆر بەر بلاّوی میللی بەکار نەهاتوە،ئەمەش لەبەر ئەوەی کە دەستکەوتنی شەکر ئاسان نەبووە . بەگوێرەی زانیاریە مێژووییەکان لە سەردەمە دێرینەکان شەکر تەنها خۆراکی دەوڵەمەندەکان بووە و هەژاران کەمتر لێی بەهرەمەندبوون.(کونیهان،٢٠١٣،ص٢٢)

بەگوێرەی زانیاریە مێژووییەکان دروستکردنی شرینەمەنی لە هەندێک لە شارەکان ڕەمێنی هەبووە و خەڵک بە شێوەی جیا جیا بەکاریان هێناوە،لەشاری ئیربل جۆری جیا جیای شیرینی دروستکراون و بەکار هاتون،چونکە ئاماژە بۆ بوونی یەکێک لە زانا و وەعزخوێنانی شار کراوە کە باوکی شیرینچی یان شیرین فرۆش بووە.(ابن المستوفي،٢٠١١،ص١٥٧) هەروەها



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

سوڵتان موزەفەرەددین سەرداری هەولێر شیرینی بەکارهێناوەو لێی بەخشیوە بە پیاوچاکان (ابن خلکان،ج۳/ص ۱۱۹) هەروەکو کە لە ڕێوڕەسمی یادی مەولود کە شاری ئیربل پێی بەناوبانگ بووە لە و ڕۆژەی کە خوانی گەورە بۆ نان دانی خەڵک ڕادەخرا،جگە لە پێخۆری پێویست،سەد هەزا سینی و سی هەزار دەفری پڕ لە شیرینی (حەلوا) لەسەر خوانەکە ڕیزدەکرا.(سبط ابن الجوزی،۸،۱۹۵۲/ص۶۸۱) ئەگەر ئەو ڕێژەیە لە شیرینی لە وێناکردنی مێژوونووسان دا زیادەڕەوی تێداکرابێت،ئەوا بۆ ئێمە دەرخەری ئەوڕاستیەیە کە لە ئیربلی ئەوکات کەلتوری شیرینی دروستکردن و بەکارهێنانی وەکو خۆراك بە شێوەیەکی فراوان چەسپاوە و پیشەسازی دروستکردنی شیرینی جۆراو جۆر لە ناوچەکە ڕەمێنی هەبووە.

هەرچەندە زانیاریەکی ئەوتۆمان لەبارەی کەرەستەی بەکارهاتوو لە دروستکردنی ئەو شیرینیانە لەبەر دەست دانیە و نازانین شێوازی ئامادەکردنیان چۆن بووە،بەلاّم هەندێک ئاماژە ڕوونی دەکەنەو کە مێژوونووس (ابن المستوفي م:٦٣٧ك/ )جۆرێکی شیرینی لە کتێبی (تاريخ إربل،۲۱۱،ص۱۲۷) ئاماژە پێکردوە کە پێی گوتراوە (الذبان) کە وادیارە لە خورما و شیلە ئامادەکراوە و کەسایەتیەك بەناوی (هذی بن جورين بن الكردي) لێی بە خشیوە.

لە شاری سروج لە باکووری ڕێگای (حران) لەبەر زۆری تریّ، مێوژی زۆری لێبەرهەم هاتوە،هەر لەبەر ئەوەش دۆشاوی لیّ دروست دەکرا وجۆرە شیرینیەکیشی لیّ چێدەکرا کە پێی دەگوترا (الناطف) .(ابن حوقل،۱۹۳۸، ص۲۳۰) ئەم جۆرە شیرینیەی کە پێی گوتراوە (الناطف) لە شەکراو یان هەنگوین دروست دةكرا کە دەخرایە سەر ئاگرێکی کز تا خەست دەبۆ وەو وای لێدەهات بە دەست لێدانێک پەرت دەبوو،ئەوجا وەکو هەویرێک لەگەڵ کونجی یان فستەق یان بادام دەشێلرا و شیرینیەکەی لیّ دروست دەکرا.(بڕوانە:مؤلف مجهول،۲۰۱٦، ص۹۰)

جۆرێکی دیکەی پیشەسازی خۆراك لە هەرێمی جزیرە بریتی بووە لە پیشەسازی وشککردنەوەی میوەجان بۆ ئەوەی هەم لە و وەرزانە بەکاربێت کە میوەی تێدانیە و هەمیش بتوانرێت لە خراپبوون و تێک چوون بپارێزرێت و بنێردرێت بۆ شوێنی دیکە کە داخوازی لەسەرەو دەفرۆشرێت.

لە سەرچاوە ولاّتناسیەکانی هاوچەرخی سەردەمی توێژینەوەکە چەندان ئاماژەمان دەست دەکەوێت کە دەریدەخات لە هەندێک شارو ناوچەی هەرێمی جزیرە میوەی جیاجیا وشککراوەتەوە و بازرگانی پێوە کراوە،شاری سنجار کە میوە هاوینیەکەشی وەکومیوەی زستانی بووە ناوبانگی دەرکردوە کە هەناری گەورەی لیّ بەرهەم هاتوە، دەنکەکەی وشککراوەتەوە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وبۆ خواردن بەکارهاتوە بۆ عیراق لەو جۆرە دەنکانە نێردراوە (ابن حوقل، ١٩٣٨،ص٢٢٠) هەندێک شارو ناوچەی دیکە ناوبانگیان هەبووە لە زۆری میوەی وشککراو(الفواكه المقددة) وەکو نسێبین وحەسەنیە (المقدسی،١٩٩١،ص١٤٥) ئەمەش لەبەر بوونی کەرەستەی خاوی کشتوکاڵی وسەرمایەی ئاژەڵی زۆروزەوەند لە جزیرە کە وایکردبوو کە پیشە سازی خۆراك لەو هەرێمەدا پەرەبستێنی(الدویکات،٢٠١٣،ج٧/ع١/ص١٨) یەکێک لەو شارانەی دیار موزەر کە میوە وترێی زۆربووە مێوژی لێ دروستکراوە و،شاری سروج بووە، چونکە مێوژەکەی زۆربووە هەندێکی لێکراوەتە دۆشاو شیرینی(ابن حوقل، ١٩٣٨،ص٢٣٠)دیارە میوەی وشککراو جگە لە مێوژ زیاتر بریتی بووە لە قەلانەی هەنجیر و قەیسی و هەلوژە وقۆخ. کە هەڵدەگیران بۆ ئەوکاتانەی کە وەرزی میوە نیە و ئەوکات سودی لێوەردەگیرا. هەروەتر مێوژیش ئەوکاتە دروست دەکرا کە ترێ بەباشی پێدەگەیشت وئەوجا دوای لێکردنەوەی هێشوو هێشوو دەخرایە ناوخۆڵەمێشاوەوە، دوای ماوەیەکی کەم دەردەهێنراو لە سەربان یان جێگایەکی تەلان و شوێنێکی خاوێن هەڵدەخرا تا وشک دەبۆوە ئەوجا دەبوو بە مێوژ.(بڕوانە:احمد،٢٠١٤،ل١١٦).

پیشە سازیەکی دیکەی خۆراك کە لە دێر زەمانەوە لە جزیرە بوونی هەبووە، پیشەسازی دروستکردنی ڕۆن و زەیت و خەڵ یان سرکە بووە،کە بە ڕاددەیەك وەکو خۆراکێک گرنگ بووە، موسوڵمانان لە خودان کتێبانی ناموسوڵمان(أهل الذمة) لەبری سەرانە(الجزیة) وەریان گرتوە.(یاقوت الحموی،ج٢/ص١٣٦)

لە شاری رەققە پیشەسازی بەرهەمهێنانی رۆن لە یەکێک لە حانوتەکانی بوونی هەبووە وکە پێی گوتراوە (دهن الخطارة) کە پێدەچێت بە هایەکی پزیشکی هەبووبێت و بۆ چارەسەری هەندێک نەخۆش بەکارهاتووە.(ابن الفقیه الهمذاني،١٩٩٦،ص١٨١) لەنێو ئەو کالآیانەی کە لە شاری جزیرەی ئیبن عومەر بازرگانیان پێکراوەو رۆن بووە (المقدسی،١٩٩١، ص١٤٥) هەرچەندە زانیاری مێژووییمان لەسەر جۆری ڕۆن و زەیتەکان و چۆنیەتی ئامادەکردنی نیە،بەلأم گومانی تێدانیە کە رۆنی ئاژەڵی ئەوکات باوترین جۆری ڕۆن بووە کە هەم بە شێوازی تواندنەوەی بەز و دوگی ئاژەڵ و دروستکردنی پیو لێی و هەمیش بە شێوازی دروستکردنی کەرە سودی لێوەرگیراوە،.زەیتیش پێدەچێت پتر زەیتی زەیتون بەکار هاتبێت چونکە ئەو درەختە لە هەرێمی جزیرە بوونی هەبوە و بەرهەمەکەی ئاماژەی پێکراوە.

جۆرێکی دیکەی پیشەسازی خۆراك لە هەرێمی جزیرە، بواری پیشەسازی گۆشت و چۆنیەتی هەڵگرتن و پاراستن یان خۆشکردنی بوو، یەك لەو جۆرە گۆشتانەی کە ئاماژەی پێکراوە (نمکسود)[٢] بوو کە گۆشتی لەم شێوەیە خوێکراو لە شارەکانی موسڵ و **معلثایا** ئامادەدەکراو



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

له پێویستی خەڵکی ناوچەکەش زیاتر بوو بۆیە بازرگانی پێوە دەکراو دەنێردرا بۆ ناوچەکانی دیکە.( المقدسی، ١٩٩١، ص١٤٥)

جۆرێکی دیکەی هەڵگرتنی گۆشت لەڕێگای سوێرکردنیەوە بریتی بوو لە گۆشتی ماسی کە ئاماژەی مێژووییمان هەیە لە موسڵ ماسی (الطریخ) هەبووە کە بازرگانی پێوەکراوە وەسفکراوە بە (الطریخ الفائق). ( المقدسی، ١٩٩١،ص١٤٥)

دیارە لە کەلتوری ئیسلامی ماسی بەدوشێواز دەخورا یان بە تەڕی واتا بە نوێیی یان بە خوێکراوی واتا بە وشکی،کە دیارترینی خوێکراوەکان جۆری **الطریخ** بوو کە بە شێوازی جۆراو جۆر وەکو خۆراکێکی بایەخدار  بە سورکراوەیی بە زەیت وهەندیکجاریش لەگەڵ سرکە ئامادەدەکرا( بڕوانە:البغدادی،٢٠١٧،ص٦٠  -٦١)

هەرچەندە ڕوون نیە کە سەرچاوەی ئەو جۆرە ماسیە کە لە چوارچێوەی شمەکە هەناردەکراوەکانی شاری موسڵ ئاماژەی پێکراوە،کوێ بووە ؟ئایا خودی پانتاییە ئاویەکانی ناوچەکە بوون یان لە شوێنی دیکەوە هێنراونە موسڵ ؟ چونکە لەو سەردەمە زیاتر گۆلی وانی لای شاری خەلات بە و جۆرە ماسیە ناوبانگی دەرکردوە کە لەوێوە بۆ  ناوچە جیا جیاکان نێردراوە.(بڕوانە:یاقوت الحموی،ج٢،ص٣٨١، .حسن،٢٠١١،ص١٧٧ -١٧٨)بەڵام چونکە هیچ ئاماژەیەکمان لەسەر هاوردەکردنی ئەو جۆرە ماسیە بۆ شاری موسڵ نیە،دەکرێ بڵێینکە هەر لە روباری دیجلە و چۆمەکانی دیکەی ناوچەکە ڕاوکراون ولەبەر زۆری بەرهەمەکەش بە خوێکراوی هەڵگیراون و بە شێکیان لێنێردراوە  بۆ ناوچەکانی دیکە.

جۆرێکی دیکەی پیشەسازی خۆراك لە هەرێمی جزیرە دروستکردنی مەی یان شەراب بوە،چونکە ئەو دەڤەرە ڕێژەیەکی بەرچاوی خودان کتێبی ناموسوڵمان هەبوە کە بایەخیان بەو جۆرە خواردنەوەیە داوە، بۆیە دەبینین هەر لە کۆنەوە لە شارو ئاوەدانیەکان بەتایبەتی مەسیحیەکان پەرەیان بەو جۆرە لە پیشەسازی خواردنەوە داوە و لە نووسراوەکانیان ئاماژەیان پێکردوە .(بڕوانە:الزوقنینی،ص١٥٣، ٢٤٤،٢٢٨)  شەرابیش لەو سەردەمە جۆراو جۆر بووە، شەڕابی مێوژ کە لە تریێ ڕەش دروستکراوە (ابن اسکوراسیکە،ص٦٦) هەروەها جۆرێکی دیکە شەڕابی خورمای کاڵ بووە (ابن قتیبە الدینوری،١٤٢٠ە،ص٣٠،.احمد،٢٠١٤، ل١٢٥) جۆرێکی دیکەی شەرابی دروستکراو ئاوی جۆ بووە، کە هەندێکجار وەکو چارەسەر بەکارهێنراوە (ابن المستوفی،٢٠١١،ص١٠٤)

هەروەکو کە ئاماژەمان پێکرد، مەسیحیەکانی ناوچەکە کارامەییەکی زۆریان لە پیشەسازی مەی هەبوو،بەتایبەتی چونکە لە دەوروبەری دێرەکانی مەسیحیان باغ و بێستانی زۆر



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەبوو (عدو،٢٠١١،ص١٢٠)کە بۆ ئەم مەبەستە سودی لێوەردەگیرا، یەکێک لەو شوێنانەی جزیرەش کە مەی لێدروست دەکرا دیرەکان بوون،لە دیارترینی ئەو دێرانەش دێری (اکمن أو أکمل ) کە لەسەر چیای جودی بوو،جۆرە شەرابێکی لێ بەرهەم دەهێنرا کە نایابترین شەرابی مەسیحیەکان بوو( یاقوت، ج٢/ص ٤٩٩ )دیریان (عمرأحویشا ) کەلەشاریسعرت بووە لە دیاربکر،دێرێکی بەناوبانگو مەزنی ناوچەکەبووە، کەچواردەوری باغو رەزی زۆربووە،میوە وشەرابی زۆری لێ بەرهەمهاتوە، کەشەرابەکەی هاوردەکراوە بۆناوشارەکانی سعرت وئەرزن (الشابشتی،ص ١٩٨) دیارە هەمان ئەو دێرەیە کە یاقوتی حموی دواتر ئاماژەی پێکردوە کە دەڵێت لە شوێنێک هەڵکەوتوە کە نزیک سعرت بەسەر ئەرزن دا دەروانێت کە دێرێکی زۆر گەورە بووە،جۆرە شەرابێکی نایابی لێ بەرهەم هێنراوە کە بۆ ناوچەکانی دەورو بەری هەناردەکراوە (یاقوت، ج٢/ص٤٩٧).بێگومان بەشی زۆری ئەو دێرانەی لە هەرێمی جزیرە هەبوون پیشەسازی بەرهەمهێنانی شەرابیان لێ وەگەرخراوە، کە پێدەچێت هەر تەنها بۆ بەکارهێنانی خۆجێی نەبوبێت بەڵکو لێشی هەناردەکراوە،هەروەتر ئەوانەی لە خودی دێرەکانیش ئەو خواردنەوەیەیان بەکار دەهێنا هەر ناموسوڵمانەکان نەبوون، بەڵکو، لە موسوڵمانانیش هەبووە کە سەروکاری لەگەڵ مەی و شەراب هەبووە بەتایبەتی لە کاربەدەستان و شاعیران.

## کۆتایی نامە:

لە چوارچێوەی ئەو باسوخواسانەی سەبارەت بە خۆراك و پیشەسازی خۆراك لە نێو دو توێی ئەم توێژینەوەیە ئاماژەمان پێکرد، وە لە سۆنگەی خستنە ڕوو شرۆڤەکردنی زانیاریەکانی پەیوەست بە بابەتی لێکۆڵینەوە،گەیشتینە چەند ئەنجامێک کە بە پوختی بەم شێوەیە دەیانخەینەڕوو:

- خۆراك لە هەرێمی جزیرە بە جۆر و شێوازی جیاجیا لەسە رخوانی خەڵک بەکار هاتووە،بەڵام نان کە بەپلەی یەکەم لە گەنم و بەپلەی دووەم لە جۆ دروست دەکرا لەسەرەوەی ئەو پێخۆرانەبوو کە هەموماڵێک لێی بەهرەمەند دەبوو،بۆیە خۆراکی هەرە سەرەکی نان بووە کە هەم نانی ئاسایی هەمیش (سمید) بەرهەم هاتوە و خەڵک خواردویەتی.
- سپیایی یەك لە دیارترین ئەو خۆراکانە بووە کە خەڵکی جزیرە پشتیان پێبەستوە، چونکە ناوچەکە ماڵاتێکی زۆری لێ بە خێو کراوە و لەوەڕگا و شینایی زۆری هەبووە، ئەمەش وایکردوە هەم بە خێوکردنی مەڕو ماڵات ئاسان بێت و هەم بەرهەمی شیرەمەنیەکەشی زۆربێت،بۆیە بەرهەمەکانی ماست، ماستاو، پەنیر، شیرێژ، ڕۆنە کەرە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

و هی دیکە بە شێوەیەکی فراوان خۆراکی خەڵک بوون و دەکرێ بڵێین کە لە دوای نان، سپیایی هەم وەکو رێژە و هەم وەکو کوالێتی خۆراکی پلەی دووەمی گرتوە، ونەك هەر پێداویستی نێوخۆیی، بەڵکو هی بەشێک لە ناوچەکانی دەورو بەریشی پڕکردۆتەوە.

- جگە لە نان وسپیایی دەکرێ ئاماژە بە پێگەی گۆشت بکەین لە نێو چوارچێوەی پێکهاتەی خۆراکی دانیشتوانی ناوچەکە، وادیارە گۆشتی سور ئەوکات بەپلەی یەکەم بەکارهاتوە، چونکە  هەرێمەکە بەناوبانگ بووە بە بوونی رێژەیەکی زۆری مەڕو مالاّت و کە سیمای هەر کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی ئەو سەردەمەبووە.
- گۆشتی مریشک و پەلەوەرەکانی دیکە، لەنێو پێکهاتەی خۆراکە گۆشتیەکانی ناوچەکە پلەی دووەمی گرتوە،چونکە ئەوکات هەم بە ژمارە زۆرنەبوون و هەم رێژەی گۆشتەکەشیان لە چاو گۆشتی سور کەمتر بووە، هەرچی گۆشتی ماسیە هەر چەندە ئەوجۆرەگۆشتەبەئاسانتردەستکەوتوە،بەلاّم بۆیە لەسەر چاوەکان کەمتر ئاماژە بەبەکارهێنانی کراوە چونکە پێدەچێت ئەو حەلە کەلتوری کەم خواردنی گشتی سور و پشت بە ستن زیاتر بە گۆشتی ماسی و پەلەوەر هێشتا نەچەسپاوە و بایەخە تەندروستیەکەی نەزانراوە،بەڵکو زیاتر فرەیی و تام رۆڵی لە رەمێن دان بە جۆرێک لە گۆشت هەبوبێت.
- میوە پانتاییەکی فراوانی لە جۆری خۆراکی دانیشتوان دا هەبووە، چونکە هەرێمی جزیرە دەڤەرێکی زەنوێرو پڕ شینایی و رەز و باخ و بێستان بووە و لەلایەن ولاّتناسانەوە پەسنی بژوێنی و میوەجاتی بەرمێنی وێندەرێ کراوە،میوەکانی لەگوێن:ترێ،سێو، نارنج و هەنار ..هتد لە دیارترین میوە بەکار هێنراوەکانی نێو خۆراکی رۆژانەی خەڵک بوون،هەرچەندە ئەمانە ناچنە ناو چوارچێوەی خۆراکە سەرەکیەکان بەلاّم لە بەکارهێناندا لەنێوژەمەکان ولە دانیشتنە دۆستانەکان دا پێگەیەکی تایبەتیان هەبووە .
- پیشەسازی خۆراك لە و هەرێمەدا بە رادەیەکی باش بایەخی پێدراوە،چونکە بەو هۆیەوە هەم گۆرانکاری لە کوالێتی خۆراك دا کراوە وبۆ بەکارهێنانی وەکو خۆراك، ئاسانتر و بەتامتری کردوە،، هەم توانستی خۆگری هەندێک جۆری خۆراکی زیاتر کردوە ووایکردوە لە تێکچون بپارێزرێت.
- بەرهەمهێنانی ئارد و هارینی گەنم و جۆ،جۆرە پیشەسازیەکی خۆراکی بەرفراوان بووە کە لە هەمو ناوچەکانی جزیرە بوونی هەبوە،ئەمەش بە بوونی ئاشی ئاو و کەرەستە


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

جیاجیاكانی دەكرا، كە بەتایبەتی ئەوانەی شاری موسڵ كەلەسەر ڕوباری دیجلەبوون هەم زەبەلاح و هەمیش بەرهەم زۆربوون،بۆیە زیاتر ئاماژەیان پێكراوە و نمونەیان پێهێنراوەتەوە لە گەورەیی وباشی.

- پیشەسازی گۆڕینی شیر و ماست بۆ ڕەگەزی دیكەی خۆراكی یەك لە دێرینترین و دیارترین پیشەسازیە خۆراكیەكانی جزیرە بووە،چونكە بەرهەمی شیرەمەنیش زۆر بووە بۆیە هەر لە هەوێنكردنی شیرەوە تا بەرهەم هێنانی پەنیر و كەرە و شیرێژ، پرۆسەیەكی پیشەییانەی هەم مەبەستدار هەم ئابوری و بە داهات بووە، هەر بۆیە بازرگانی پێوەكراوە وبۆ دەڤەری دیكەی دەرەوەی جزیرە نێردراوە.
- گۆشت بە هەرسێ جۆرەكەی لەبەر زۆرو زەوەندیەكەی وە مەترسی زو تێكچونیشی دەبو هەڵبگیرێت،تاكە تەكنیكی بەكاری هەڵگرتنیشی بەشێوەی خوێكردن بووە (نمكسود) بۆ گۆشتی مالأت و(الگریخ) بۆ گۆشتی ماسی،بەمەش سەرەڕای ئەوەی كە توانراوە هەڵبگیرێت و تێك نەچێت، تاڕادەیەكیش پارێزگاری لە بەها خۆراكیەكەی كراوە،هەر بۆیە ڕەواجی هەبووە و نێردراوە بۆ شوێنی دیكە و سەرچاوەیەكی داهاتیش بووە.
- لەبواری میوە هەڵگری و پاراستنیشیدا، تەكنیكی وشككردنەوە و دروستكردنی قەلانە لە میوەی تەڕ و هەڵگرتنی بۆ وەرزی زستان ویان بازرگانی پیوەكردنی و هەناردەكردنی، نیشانەی ئەوەیە كە پیشەسازی میوە وشككردنەوە وپاراستنی، لە جزیرە لە ئاستێكی باش دابووە وتوانراوە وەكو خۆراكێك لە وەرزی جیاجیا دا سودی لیوەربگیرێت.
- پرۆسەی بەرهەم هێنان و دروستكردنی شەڕاب لە جزیرە مێژوویەكی كۆنی هەیە،چونكە كەرەستە خاوەكەی لە میوە بەتایبەتی تریٚ و هەروەها جۆ، لە ناوچەكە زۆر بووە، بۆیە دەبینین خودان كتێبانی ناموسوڵمان لەو بوارەدا زیاتر ناوبانگیان دەركردوەو شەڕابیان لێدروستكردوە، بەرهەمی ناوچەكەش نەك هەر پێداویستی خەڵكی وێندەرێی پڕكردۆتەوە، بەڵكو لێشی نێردراوە بۆ دەڤەرەكانی دەوروبەر و سەرچاوەی داهات بووە بۆ بەرهەمهێنەرانی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەكولینێن كوردی

# ليستى سەرچاوەكان

## أ – سەرچاوە ڕەسەنەكان:

### ١ – سەرچاوەكان بە زمانى عەرەبى:


١. ابن أبي أصيبعة، الطبيب موفق الدين ابو العباس احمد بن القاسم(ت٦٦٨ھ/١٢٦٩م)
عيون الأنباء في طبقات الأطباء، دار صادر (بيروت: د. ت)

٢. الإدريسي، اب يعبدالله محمد بن محمد(ت ٥٦٠ھ/ ١٢٦٥م)
كتاب نزهة المشتاق في إختراق الآفاق، مكتبة الثقافة الدينية، (القاهرة :٢٠٠

٣. الأزدي، أبو زكريا يزيد بن محمد بناياس (ت ٣٣٤ھ/٩٤٥م)

٤. تاريخ الموصل، تحقيق:علي حبيبة، لجنة احياء التراث الإسلامي(القاهرة:١٩٦٧)

٥. أسامة بن منقذ، مؤيد الدولة أبو المظفراسامة بن مرشد الشيزري(ت ٥٨٤ھ/١١٨٨م)
كتاب الإعتبار، حرره: فيليبحتي، مطبعة جامعة برنستون، (الولاياتالمتحدة:١)

٦. الأصطخري، ابواسحق ا براهيم بن محمد الفارسي(ت٣٤١ھ/٩٥٢م )
المسالك و الممالك، تحقيق: محمد جابر الحيني، الهيئة العامة لقصور الثقافة(القاهرة:٢٠٠٤)

٧. البغدادي، محمد بن الحسن بن محمد الكاتب(ت ٦٣٧ھ/١٢٣٩)
كتاب الطبيخ و معجم المآكل الدمشقية، تقديم: فخريالبارودي، الناشر: مؤسسةهنداويسي آيسي (المملكة المتحدة: ٢٠١٧)

٨. التلمحري، ديونيسوس(ت ٢٣٢ھ/٨٤٥م)
تاريخ الأزمان، ترجمة وتقديم:شادية توفيق حافظ، المركزالقومي للترجمة، الهيئة العامة الشؤن المطابع الأميرية(القاهرة:٢٠٠٨)

٩. ابن جبير، ابي الحسن محمد بن محمد(ت٦١٤ھ/١٢١٨م)
رحلة ابن جبير، منشورات دار مكتبة الهلال، الطبعة الثانية(بيروت:١٩٨٦)

١٠. ابن جزلة، ابو علي يحيى بن عيسى(ت٤٩٣ھ/١١٠٠م)
تقويم ألأبدان بتدبير الإنسان، تحقيق: سالم مجيد الشماع، دار الثقافة والنشر (بغداد:١٤٢٣ھ)

١١. إبن حوقل، ابوالقاسم النصيبي(ت ٣٦٧ھ/٩٧٧م)
صورة الأرض، طبعة ليدن (١٩٣٨)

١٢. ابن خلكان، ابو العباس احمد بن محمد(ت٦٨١ھ/١٢٨٢م)
وفيات الأعيان وانباء ابناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، دار صادر (بيروت:د.ت)

١٣. الزوقنيني، المؤرخ (تبعد ١٥٨ھ/٧٧٤م)

١٤. تاريخ الزوقنيني المنحول لديونسيوس التلمحري، ترجمة: بطرس قاشا،

١٥. قدم له وعلق عليه ووضع حواشيه :سهيل بطرس قاشا، منشورات المكتبة البوليسية(بيروت:٢٠٠٦).

١٦. سبط ابن الجوزي، ابوالمظفرشمس الدين قزاوغلي(ت٦٥٤ھ/١٢٥٦م)

١٧. مرآةالزمان في تاريخ الأعيان، مطبعةدائرةالمعارف العثمانية، (حيدرآباد:١٩٥٢ )

١٨. ابن سعيدالمغربي، ابوالحسن علي بن موسى(ت٦٨٥ه/١٢٨٦م )
١٩. بسط الأرض في الطول والعرض، تحقيق:خوان قرنيط، معهدمولاي حسن(تطوان:١٩٥٨م)
٢٠. الشابشتي، ابي الحسن علي بن محمد(ت ٣٨٨ه/٩٩٨م )
٢١. الديارات، تحقيق: كوركيس عواد، منشورا تمكتبة المثنى، مطبعة المعارف، الطبعة الثانية(بغداد:١٩٦٦ )
٢٢. ابن شداد، عزالدين ابو عبدالله محمد بن علي(ت٦٨٤ه/١٢٨٥م)
٢٣. الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام والجزيرة، ج٣، ق٢، تحقيق:يحيى عبارة، منشورات وزارة الثقافة والإرشاد القومي (دمشق:١٩٧٨)
٢٤. ابن عبدالحق البغدادي، صفي الدين عبدالمؤمن(ت٧٣٩ه/١٣٣٨م)
٢٥. مراصد الإطلاع على اسماء الأمكنة والبقاع، تحقيق: علي البجاوي، دار احياء الكتب العربية، (القاهرة:١٩٥٤)
٢٦. ابن الفقيه الهمذاني، ابو بكر أحمد بن محمد(ت٣١٠ه/٩٢٢م)
٢٧. كتاب البلدان، تحقيق: يوسف الهادي، عالم الكتب للطباعة والنشر والتوزيع، (بيروت:١٩٩٦)
٢٨. ابن قتيبة الدينوري، أبو محمد عبدالله بن مسلم(٢٧٦ه/٨٨٩م)
٢٩. كتاب الأشربة وذكر اختلافا لناس فيها، تحقيق: ياسين محمد السواس، دارالفكر(دمشق:١٤٢٠ه)
٣٠. قدامة بن جعفر، أبوالفرج الكاتب البغدادي(ت٣٣٧ه/٩٤٨م )
٣١. الخراج وصناعة الكتابة، تعليق:محمد حسين الزبيدي، وزارة الثقافة والإعلام(بغداد:١٩٨١ )
٣٢. القزويني، زكريابنمحمد(ت ٦٨٢ه/١٢٨٣م )
٣٣. آثار البلاد و أخبار العباد، دارصادر (بيروت :د.ت )
٣٤. القشيري، ابوعلي محمد بن سعيد (ت ٣٣٤ه/٩٤٥م )
٣٥. تاريخ الرقة، تحقيق: ابراهيم صالح، دارالبشائر(دمشق:١٩٨٨ )
٣٦. ابن المستوفي، شرف الدين ابوالبركات المبارك بن احمد الأربلي(ت٦٣٧ه/١٢٣٩م)
٣٧. تاريخ إربل، تحقيق: محمد عثمان، منشورات محمد علي بيضون، دار الكتب العلمية(بيروت:٢٠١١)
٣٨. المسعودي، ابوالحسن علي بن الحسين(ت٣٥٤ه/٩٦٥م)
٣٩. مروج الذهب ومعادن الجوهر، دارالأندلس(بيروت:١٩٦٥ )
٤٠. المقدسي، ابو عبدالله محمد بن احمد(ت٣٧٥ه/٩٨٥م)
٤١. احسن اتقاسيم في معرفة ألأقاليم، مكتبة مدبولي، الطبعة الثالثة (القاهرة :١٩٩١)
٤٢. مؤلفمجهول، (تق٧ه/١٣م )
٤٣. الوصلة الى الحبيب في وصف الطيبات والطيب، تحقيق: تشارلزبيرى، منشورات: المكتبة العربية (نيويورك: ٢٠١٦ )
٤٤. ميخائيل السرياني، (ت٥٩٥ه/١١٩٩م)
٤٥. تاريخ مار ميخائيل الكبير، ترجمه عن السريانية: مار غريغورس صليبا شمعون، دار ماردين(حلب:١٩٩٦)
٤٦. ناصر خسرو، ابو معين الدين القباديانى المروزي(ت ٤٨١ه/١٠٨٨م)

٤٧. سفرنامه او رحلة ناصر خسرو القبادياني، ترجمة: يحيى الخشاب، الهيئة المصرية العامة للكتاب(القاهرة:١٩٩٣)

٤٨. الواقدي، ابوعبدالله محمد بن عمر(ت٢٠٧ه/٨٢٢م)

٤٩. فتوح الشام، دار الجيل للنشر والطباعة، (بيروت:١٩٨٠)

٥٠. ياقوت الحموي، شهاب الدين ابي عبدالله ياقوت بن عبدالله(ت ٦٢٦ه/١٢٢٩م)

٥١. معجم البلدان، دار صادر، الطبعة الثامنة(بيروت:٢٠١٠)

### ٢ -سەرچاوەكان بەزمانی فارسی:

٥٢. ابن اسكوراسيكه، فسطيوس (مق٦م)

٥٣. ورزنامه، برطردان از عربي به فارسي در سده چهارم هجري، تصحيح: حسن عاطفي، مركز نشر دانشگاهى(تهران:١٣٨٧ش)

٥٤. جرجاني، اسماعيل حسن بن محمد بن محمود (وبعد ٥٣١ه/١١٣٦م)

٥٥. ذخيره خوارزمشاهي، مؤسسة احياء طب طبيعي (قم:١٣٩١ه.ش)

٥٦. حمدالله مستوفي قزويني، ابوبكر بن احمدبن نصر(و٧٥٠ه/١٣٤٩م)

٥٧. نزهه القلوب، تصحيح وتحشيه، گاى ليسترانج، إنتشارات أساطير، چاپ ديبا(تهران:١٣٨٩ش)

٥٨. ابن خلف تبريزي، محمدحسين( وبعد ١٠٦٢ه/١٦٥٢م)

٥٩. برهان قاطع، مصحح: محمد عباسي، مؤسسه مطبوعات فريدون علمي (تهران:١٣٤٤ه.ش)

## ب -ژێدەرەكان:

### ١ -بەزمانی عەرەبی:

١. بنكلى، سيپان حسن على

٢. حصن كيفا، دراسة في تاريخها السياسي والحضاري(١٢٠٠ -١٣٠٠م)دار سثيريز للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية(اربيل:٢٠٠٥)

٣. حسن، قادر محمد

٤. الإمارات الكوردية في العهد البويهي، دراسة في علاقاتها السياسية والإقتصاديةمؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، مطبعة روذهةلات(اربيل:٢٠١١)

٥. خوشناو، حكيم أحمد

٦. الكورد وبلادهم عند البلدانيين والرحالة المسلمين (٦٣٢ -٦٢٦ه/٨٤٦ -١٢٢٩م) دار الزمان، للطباعة والنشر والتوزيع(دمشق:٢٠٠٩)

٧. الدويكات، فؤاد عبدالرحيم

٨. الأحوال الزراعية في إقليم الجزيرة الفراتية في العصر الأموي٤١ه/٦٦٠م -١٣٢ه/٧٤٩م)، المجلة الأردنية للتاريخ والآثار، المجلد٧، العدد١، ٢٠١٣.

٩. عدو، بناز اسماعيل




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلينێن كوردى

١٠. أهل الذمة في بلاد الكرد في العصر العباسي، دراسة تاريخية تحليلية، دار موكرياني للبحوث والنشر(اربيل:٢٠١١)

١١. ويلنكز، جونا موهيل، شون، الطعام في العالم القديم، ترجمة: ايمان جمالا لدينا لفرماوي، الناشر: مؤسسة هندا وي سيآيسي، (المملكةالمتحدة:٢٠١٧)

**٢ -بەزمانی كوردی:**

١٢. أحمد، سۆران بهاء، كشتوكاڵ و خۆراك له هەرێمی چیا لەسەدەی چوارەمی كۆچی /دەیەمی زایینی، لێكۆڵینەوەیەكی شارستانیە، نامەی ماستەری بڵاونەكراوە، پیشكەشی ئەنجوومەنی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكانی زانكۆی سلێمانی كراوە، ٢٠١٤.

١٣. حوسێن، موحسین موحەممەد

١٤. هەولێر لەسەردەمی ئەتابەگیاندا، عوسمان عەلی قادر، كردویە بە كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، لە بلاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی(هەولێر:٢٠١٠)

**٣ -بەزمانی فارسی:**

١٥. عمید، حسن

١٦. فرهنگ عمید، (تهران:١٣٧٧ش)

## پەراوێز:

(١) الطريخ، جۆرە ماسیەكە كە پێی دەگوترێت ساردین،قەبارەی بچوكەو خوێدەكراو هەڵدەگیرا.(عمید،١٣٧٧ش،ج٢/ص١٣٩٨)

(٢) نمكسود: زاراوەیەكی فارسی بەعەرەبی كراوە كە مەبەست لێی هەر شتێكە كە خوێكرابێت،بەتایبەتی گۆشتی خوێكراوواتا زیاتر بە گۆشتێك دەگزترا كە سوێركرابوو بۆ هەڵگرتن.(ابن خلف تبریزي،١٣٤٤ش،ص١١٤٦).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

# الغذاء والصناعات الغذائية في إقليم الجزيرة خلال العصر العباسي

**الملخص:**

خصص هذا البحث لدراسة الغذاء والصناعات الغذائية في إقليم الجزيرة خلال العصر العباسي، لأن هذا الموضوع كان له أهمية كبيرة لتوضيح جانب من جوانب تاريخ المنطقة، الذي لم يهتم به الباحثون، نظرا لأن الدراسات التاريخية وخاصة في المؤسسات الأكاديمية في بلادنا كانت تتركز على الجوانب السياسية والعسكرية والإدارية، و لاتهتم كثيرا بالنواحي الخاصة والحياة اليومية مثل ألأكل و الألبسة ونمط الحياة العائلي ..الخ.

تناول هذا البحث الحبوب الإستراتيجية مثل القمح والشعير وتأثيراتها على الحياة العامة ومعيشة الأهالى والناس في ذلك العصر في منطقة الجزيرة،كما و عالج البحث مكانة الفواكه والألبان في تراتيب الغذاء في ذلك الوقت، و بحث في هذه الدراسة كيفية الصناعات الغذائية من الصناعات المتعلقة بالطحين وتجفيف الفواكه و كيفية خزن اللحوم و تمليحها و تجفيفها، وايضا تجفيف السمك وتمليحه والصناعات الغذائية المتعلقة بتصنيع الخمور والنبيذ ومهارات المسيحيين من اهالي المنطقة في هذا المجال.

**الكلمات الدالة:** *إقليم الجزيرة، الصناعات الغذائية، اللحوم، الخبز، الفواكه*

## food and food industries in the JZIRA region during the Abbasid era

**Abstract:**

This research was devoted to studying food and food industries in the JZIRA region during the Abbasid era, because this topic was of great importance to clarify an aspect of the history of the region, which researchers did not care about, given that historical studies, especially in academic institutions in our country, were focused on political and military aspects And administrative, and does not pay much attention to the private and daily life, such as food, clothing, family lifestyle, etc.

This research studied strategic grains such as wheat and barley and their effects on public life and the livelihood of the people and people of that age in the JZIRA region. The research also examined the position of fruits and dairy in the food arrangement at that time, and this study examined how food industries from flour-related industries and drying fruits and How to store meat, saline and dry it, as well as drying and salting fish and food industries related to wine and wine making and the skills of Christians from the people of the region in this area.

**Keywords:** *JZIRA Region, Food Industries,Meat,Bred, Fruits*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی